# ئاكسيونێك لە پەيمانگايی كەركوك سەرەتايی ئازاديكان

پەيامنێری كوردستان نێت: كەركوك

لە رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٦ / ٥ / ٢٠٠٣ سەر لە بيانييەكی خوێندكارانی پێمانگايی ( تقنی) كەركوك ئاكسيونێكی هێمنانەيان بەرێخست بەروە بارەگای پاريزگاری كەركوك لەويدا بۆ يەكەمجار خوێندكاران لەم شارەدا دەنگی نارەزايەتی خۆيان بە ئازادانە بەرز دەكەنەوە ئەم جاريان بۆ يەكەم جار ئەڵێن نا بۆ بەرماوەی بەعسيكان بەرێوەبەرە كۆنەكانيان بەراگرەوە ناوێت لە بەردەمی ئەم كۆبۆنەوەيە خەڵكی بە چاوێكی دێمەن گێرانە بە خۆشێوە و شاديەوە سەير دەكەنەوە دەڵێن ئەواتە سەرەتايی ئازادييەكان ئەمەيە كەنەمان بێنيبوو ئێمەش سەردانی پەيمانگامان كرد سەرەتا لەم بەردەمی دەرگاكەدا هەستم ئەكرد كە من دەچم بۆ شوێنێكی زۆر نەديار بە هۆيی ئەو دەرگايی كە لە شێوەيی دەرگاكانی بارەگايەكی ئەمنی يان مخابراتی دەچوە دوا تر ديمەنی دارە جوانەكانی ئەم پەيمانگايە رەنگی زەرد بووبوە بە بێ دەنگيكەوە نا رەحەتی خۆی ئاراستەی هەموو ديمەنە سەوزەكان ئەيوەت من زەرد بووم رەنگە چێ تر سەوزيی بە خۆم نەبينم بەڵام سەركەوتنی خوێندكاران سەوزيمە لێرەدا سەردانی جێگری راگری ئەم پەيمانگايەمان كرد بۆ ئەوەيی لە نزيكەوە ئاگاداری هەستی مامۆستايان بێن وەك چون ئاگاداری هەستی نارەزايەتی خوێندكاران بووين بەرێز مامۆستا مەحموود وەتی " ئێمە خۆش حاڵين راگەيەكانی كوردستانی سەردانمان دەكات بۆ ئەوەی زياتر خەڵكی راگەياندنەكان ئاگادارين لەو ئازاری كە چەندين ساڵە بە دەستی بەعسيكانەوە كێشتوومانە ئەوتا خوێندكاران بە ئارەزوی خۆيان رێورتاژی نارەزايەتی دەردەبرن هەر لە ناو پەيمانگاو لە دەرەويش بۆيە ئێوە وەكو كەناڵێكی راگەرايندن هاتوون بۆ لای ئێمە خوێندكاران بە شێوەيەكی عەفەوی خۆيان بێ هێچ ئاراستەكردنێك نە لای ئێمەوە نە لای حزبەكانەوە هاندراوەن بۆ سازدانی ئەم ئاكسيونە ئەمە ئازادی خۆيان وايی لێ كردوين ئێمە وەكو مامۆستايان هەڵبژاردنێكی سەرەتايمان كردوە بۆ بەريوە بردنی كارەكانی راگرايەتی ئەم پەيمانگايە منيش بە هاوكاری راگر هەڵبژيردراوە ... بە داخيكی زۆرەوە بەرەی توركمانی سەردانی كردوين چەند كەسێكی سەر بە بەعسیيەكان هاتون بی گێرنەوە بەڵام خوێندكاران رازی نەبوون وە جگە لەوان هيچ حيزبێكی تر نە بەراستەوە خوە نە بە غيری راستەوە خوە دەست وەردانيان نەبووە لە كارەكانمان داوا كارين هيچ حيزبێك دەست لە كارەكانمان نەدا هيوادارين بە زووترين كات ئەوە خوێندكارانەی هەتا ئێستا پەيوەنديان نەكردووە پەيوەندی بكەن بە دوامەكانی خويانەوە وە ئيمە هەر دوو ناخۆی كورانو كچانمان دەست بەكارە بۆ خزمەتی خوينكاران ".

خوێندكاران زۆريان نارەزان لە دژی بەرەی توركمانی وە زوريان پی دەڵێن بەرەی توركمانی دژی عيراقی بوون بە هويی چاندنی رق و قين لە بەينی توركمان و كورد و عەرەب و هەر وەها هاندانی خوێندكارانی توركمان بە پەيوەست نەبوونيان بە دەوامەوە و هەر وەها هاوكاری نەكردنی كوردەكان و داوا كردنی دەسەڵاتی توركمانی لە هەموو كەركوكدا نەك تەنها بەس پەيمانگا، ئەمە دروشمەكانی بەرەی توركمانیيە. ئيمە ليرە وەك خويندكاران دروشمی برايەتی بەرز دەكەينەوە لە دژی جيۆازييەكانی بەرەی توركمانی، خوازياراين بەعسيكان خويان نەگێرێنەوە بۆ دەوام با لە بيريان بێ كە چەند خويندكارايان عەزيت داوە ئيتر بۆ جار تر لە سەر لاشەكانی ئێمە پلەوە پايیەی خۆيان بەرز بكەن.

ئەم درۆشمانە چەندين داخوازی خويندكاران سەرەتايی ئازادييەكان لە شاری كەركوكدا ئێمەيش پیرۆزبايی لە خوێندكاران ئەكەين كە بۆ يەكەم جار ئەو كۆتەو ئەو زينجيرە دەشكێنن ئازاديەك گەر سەرەتايی بی بۆخۆيان دەنوسن دەڵێن لەم رۆوە ئێمە ئازادين لە هەڵبژاردنی ئيدارەو حكومەتی داهاتوومان

رۆژنامەنووس

سابير مەحمود داماو

٧ / ٥ /٢٠٠٣